# پاسپۆرتی سلێمانی: کار بە سورە قەیدی ئەلیکترۆنی ناکرێت و تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت



پاسپۆرتی سلێمانی ئاگادارییەکی ئاراستەی کوردانی دەرەوەی وڵات کرد و رایگەیاند، بۆ دەرکردن و نوێکردنەوەی پاسپۆرت کار بە سورە قەیدی ئەلیکترۆنی ناکرێت و تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت.

ئەمڕۆ دووشەممە ٧ـی نیسانی ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی سلێمانی روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، ئاگاداری سەرجەم ئەو کوردانە دەکەینەوە کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، بۆ دەرکردن و نوێکردنەوەی پاسپۆرت تەنها کار بە کارتی نیشتمانیی دەکرێت.

دەشلێت، بەهیچ جۆرێک کار بە وێنەی تۆماری ئەلیکترۆنی "صورة قيد" ناکرێت و چونکە بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق کارکردن پێی راگیراوە.

ئاماژە بەوەشکراوە، پێویستە ئەو هاووڵاتیانەی لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان مۆڵەتی ٣٠ رۆژ وەربگرن، لەبەرئەوەی تەواوبوونی کارتی نیشتمانی ماوەکەی (٢٠ بۆ ٣٠) رۆژی پێدەچێت.